**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٣٩٨٩ لە ٢٠٢٣/٥/٢٤**

دوا بە دوای ڕێنمایی وەزارەتمان ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی شــوفێری نێودەوڵەتی ژمارە (٧)ی ســاڵی ٢٠٢٢ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بەودەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، بڕیارماندا بە: دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە هەمواریيە:

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێو دەوڵەتی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ماددەی (١):** هەموارکردنەوەی ماددەی دووەم لە ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ســاڵی ٢٠٢٢ و بەم شــێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

**ماددەی (٢):** دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێو دەوڵەتی ئەم لایەنانەی خوارەوەن .

١-بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆی هەرێم .

٢-بەڕێوەبەرانی هاتووچۆی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم.

**ماددەی (٢):** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٣٤٤٧ لە ٢٠٢٣/٥/٢١**

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (٦) بڕگەی (١٣) وماددەی (٢٦) بڕگەی (٢) لە یاســای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ســاڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو و ئاماژە بەفەرمانی هەرێمی ژمارە (٣٩٧) لە ٢٠٢٣/٤/١١ و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردســتان /ســەرۆک وەزیران ژمارە (١٦٧٣) لە ٢٠٢٣/٥/٣ و نووســراوی ســەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٤٠) لە ٢٠٢٣/٣/١٥ و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٢٥٩٩) لە ٢٠٢٣/١/٢٢ سەبارەت بە گۆڕینی ناوی قەزای(دەشتی هەولێر) بۆ قەزای (بنەسڵاوە) و نووسراوی پارێزگای هەولێر ژمارە (٦٥٢) لە ٢٠٢٣/١/١٢ و نووســراوی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ژمارە (١٣٢٠) لە ٢٠٢٢/١٢/٢١ و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ ، بڕیارماندا بە:

١- گۆڕینی ناوی قەزای **(دەشتی هەولێر) بۆ قەزای (بنەسڵاوە)** .

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردســتان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٥/٣) کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**